

من دڵم بە سێوێ خۆشە

# سێو لە شیعرەکانی سوهراب سپهریدا

باران


فەرناز موقەدەسی

لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

زەینی خەیاڵپەروەرانەی ئێرانییەکان لەکۆنەوە لە پانتایی ئەدەبیات و سودوەرگرتن لە ناواخنی ئاشنا و شیاوی هەستپێکردن لە مانای تایبەتدا خولاتەوەو کشاوە بۆ ئەفراندنی سیمبولەکان و وێنەی خەیاڵ. ئێرانییەکان لە سەرەتای مێژووی ئەدەبیاتی نوسراوەوە تا ئێستا لە زۆربەی دەقەکانی خۆیاندا ئەندێشەی خۆیان بەهۆی ئەو سیمبولانەوە دەربڕیوە.

لەزۆربەی کتێبە کۆنەکاندا ڕۆح یان بۆ سروشت داناوە و هەر ئەوەش نیشاندەری جۆرە هەڤیازییەك بووە لەلایەن مرۆڤەکانەوە بۆ سروشت. لە کتێبی مینوی ژیر، یەکێك لە دیمەنەکانی دانا و مینوی ژیردا وتووێژە دەربارەی زەوی غەمگین و زەوی شاد. دانا دەیەوێت بزانێت دەتوانرێت بە چ کارێك زەوی "شاد" بکرێت و چ کارێك دەبێتە غەمگین بوونی زەوی. خودی ئەم وتوێژە ڕەنگە نیشانەیەکی ڕۆحی بێت کە ئێرانییەکان بۆ زەوی دایاناوە، چونکە تا دیاردەیەك خاوەنی ڕۆح نەبێت، گۆڕانەکانی خەسڵەتی ڕۆحی بۆی نایەتە ئارا. هەڵبەت ئەم بابەتە ڕەگەکەی بۆ ئایینی ئێرانییەکان کە ئاناهیتا، میترا و ئێندێیرا یان دەپەرست و دوای ئەوە بۆ ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە.

لە تەواوی ئەم ئەندێشە و ئاینانەدا ڕۆحی سروشت.(1)

ئێرانییەکان بۆ هەر ڕۆژێك فریشتەیەکی ڕاسپێردراویان لەسەر ئەو ڕۆژە هەیە(2). لە هەر ڕۆژێك لە جەژنەکانی خۆیان میوە و خواردنی تایبەتیان هەیە، کە تایبەت بەو ڕۆژ و وەرزەیە. بۆنمونە لە شەوی یەڵدادا ئێرانییەکان خوانێك لە میوەی تەڕ و وشك ئامادە دەکەن تا بە بەرێوەچوونی جەژن و بەسەربردنی شەو لەلای دۆستان بێفەڕییەکانی ئەم شەوە لەناوبەن(3). ئەمڕۆ خوانی شەوی یەڵدا تارادەیەك هەمان خوانە بەهەندێك جیاوازییەوە. چەرەسی وشك(4)، شوتی، هەنار و میوەی وەرزەکانی دیکە لەسەر خوانی ئێرانییەکان بەرچاودەکەوێت. شوتی جێگەی ئاگری پڕکردۆتەوە(5). هەنار وەکو نیشانەیەکی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و لە دایکبوونی میترایە. یەڵدا شەوێکە کە لە کۆتاییەکەیدا ڕووناکی بەسەر تاریکییدا زاڵ دەبێت. لە شیعرەکانی مەنوچەهری دامغانی. سیمبوولەکان زیاتر ڕوویانکردۆتە گوڵ و ڕووەك.

لە هەمان قۆناغدا کتێبێك بە عەرەبی دۆزرایەوە کە لەناوەڕۆکەکەیدا هەندێك خوانی خواردن و هونەری چێشت لێنان و سفرە ڕازاندنەوە لە دەرباری جێنشینەکانی عەرەب لە ئێران هاتبوو و تیایدا دەتوانرێت جێگە و پێگەی هەر خواردنێك لەلای ئێرانییەکان بزانرێت. لە قۆناغی دواتری ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعری ئێرانی (شێوازی عێراقی) بەهۆی دەروونخوازی شاعیران و دوورکەوتنەوە لە سروشت، سوودوەرگرتن لە سیمبولەکان زیاتر بەهەمان شێوازە کە لە شیعرەکانی شاعیرانی سروشتخوازی شێوازی خوراسانی بەرچاودەکەوێت و بە دەگمەن ئەفراندن و داهێنانی نوێی تیا بەرچاودەکەوێت.

بەڵام لە قۆناغی ئەدەبی دوای (شێوازی هیندی) ئەم ناتەواوییە قەرەبوو دەکرێتەوە. شاعیرەکانی ئەم قۆناغە ڕوویانکردۆتە داهێنانەوەی مانا، و وردبینی و دەربڕینی ورد و پڕ مانا. هەرئەوەش بووە هۆی بنیاتنانی هەندێك مانا و ناوەڕۆکی نوێ کە لە وەرچەرخانی ئەدەبی و بەتایبەت لە شیعری نوێدا بە لوتکەی خۆی گەیشت.

لە وەرچەرخانی ئەدەبیدا بەدەرکەوتنی شاعیرانی نوێخوازی وەکو نیما یوشیج و ئەخوان سالس و سیاوەش کەسرائی و سوهراب سپهری، سروشتخواز دووبارە جێگەی خۆی لەنێو شیعری فارسیدا کردەوە وەکو نمونە لە شیعری سپهری دا بە چڕوپڕی لە ژێر دەستەواژەی سێو دا وتووێژ دەکات. ئاغای دکتۆر شەفیعی کەدکەنی (م.سرشك ) یەکێك لەو کەسانەیە کە وێڕای سود وەرگرتن لەم سیمبولانە لە شیعرەکانیدا، لە درێژەی لێکۆڵینەوەیەکدا لەشێوەی خەیاڵدا زۆرێك لەم وردەکارییانەی بە تێرو تەسەلی باسکردووە.

## سێو

دەستەواژەی سێو ئەگەرچی دەستەواژەیەکی ئاشنایە بە زەینی هەمووان، بەڵام لە ئەدەبیاتدا، ئەویش ئەدەبیاتی هاوچەرخ تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەیە.



لەسەدەی چوارەم و پێنجەم بەدواوە و زیاتر لە سەردەمی قاجاریەکان ( واتە لەو سەردەمەی کە ژن بە تەواوی ڕووداپۆشراو) بوو لاوان زیاتر بۆ دەربڕینی پەیوەندی خۆیان بۆ خۆشەویستەکەیان سودیان لە سێو وەردەگرت. زۆر دواتر گوڵی سوور جێگەی ئەم مانایەی گرتەوە.

هێدی هێدی دەستەواژەی سێو بە مانای عیشق جێگەی خۆی دا بە چەمکی ژیان. لە شیعرەکانی حەمید موسەدەق و سپهری بۆ هەردوو ماناکە سود لەم دەستەواژەیە وەرگیراوە. واتە مانای عیشق، ژیانە و هەندێکجاریش عیشقە لە ژیاندا.

لە ئەوروپا سێو لەو ڕوانگەیەوە بە میوەی عیشقی دەزانن کە میوەیەکی قەدەغەکراوە و باوەڕی ئەوان لەسەر ئەوەیە کە ئادەم و حەوا بەهۆی خواردنی ئەم میوە قەدەغەکراوەوە لە بەهەشت دەرکران.

لە ئەدەبیاتی ئێرانیدا، میوەکان هەریەکەو شوێن و پێگەی تایبەت بە خۆیان هەیە. لەسەدەی چوارەم و پێنجەمدا کەسانی نزیك و خزمانی هاوسەری لاو، کاتێك ژنەکە بەمنداڵەوە بوایە، ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوایە ئەوا هەنارێکیان دەخستە نێو ئاوەوە ( کە لەوکاتەدا هەموو ماڵێك حەوزێکی ئاویان لە حەوشەکەیاندا هەبوو-وەرگێڕ). بەوجۆرە هەواڵەکەیان بە باوکی منداڵەکە ڕادەگەیاند، چونکە هەنار سیمبولی ژیان بوو، ئێرانییەکان لەم سەدەیەدا باوەڕیان وابوو نەوە لەلایەن کوڕەوە بە پارێزراوی دەمێنێتەوە. ( واتە( هەر بنەماڵەیەك کوڕی نەبێت ئەوا ڕەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە کوێر دەبێتەوە).

## سێو لەڕوانگەی سپهرییەوە:[6]



سوهراب سپهری شاعیری نوێخوازی هاوچەرخ، تەنیا شاعیر نەبوو، بەڵکو لە کۆڕی هونەرمەندانی ئێرانیدا زیاتر وەکو نیگارکێشێکی لێهاتووش دەردەکەوت. باوەڕی نوسەران و هونەرمەندانیش وایە کە سپهری لە

ئەدەبیات و شیعریشدا دەبێت بە نیگارکێش بناسرێت.
دەستی ئەو لە ئامادەکردنی شیعرەکانیدا ئەوەندە بە شارەزایی کاریکردووە، کە هەندێك لە شیعرەکانی بوونەتە تابلۆیەکی نیگارکێشان. بەڵام ئەم تابلۆیانە ڕێك وەکو نیگارەکانی خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراون. بەپێچەوانەی مەنوچەهری کە تابلۆ پیشاندراوەکانی لە شیعرەکانیدا یەکسانە بە خودی سروشت .

سێو لە دیوانەکەیدا بە مانای جیاواز بەکارهاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی سەرەکی ئەو لە دەستەواژەی سێو، عیشق بووە لە ژیاندا، چونکە سپهری ژیان بە مانای عیشق لێکدەداتەوە. عیشق لەزۆربەی شیعرەکانیدا دەربڕی ئەم بابەتەیە: بڕوانە سروشت و عیشقی مەوجود لە سروشتدا تا بە خودا بگەیت (تاڕادەیەك هاوشێوەی ئەوە لەدیوانی ناسر خەسرەو هاتووە)

لە دەنگی پێی ئاودا، دەستەواژەی سێو بەمانای عیشق بەکارهاتووە و سپهری عیشق بە تاکە مەرجی پێویست و شیاو دەزانێت بۆ ژیان.

**تا دڵ حەزکا هەتاو**

**تا دڵ حەزکا یەکبوون**

**تا دڵ حەزکا زۆربوون**

**من دڵم بە سێوێ خۆشە.**

**بە بۆنکردنی بنچکێ بەیبوون**

**من بە ئاوێنەیەك، بە پەیوەندییەکی پاك قایلم**[7]

بەڵام ئەم عیشقە، عیشقێکی زۆر عاریفانەیە. چونکە سوهراب دەستەواژەی ژن و عیشقی بەشێوەیەکی گشتی لە دیوانەکەی خۆیدا جیاکردوەتەوە. سێوی بە سیمبولی عیشقی ئاهورایی و ئەفلاتونی، و ژنی بە سیمبولی عیشقی جەستەیی وەرگرتووە.....

ئەو تەنیایی بە پێویستی بیرکردنەوەو فێربوون، تێرامان و لۆژیك دەزانێت و عیشق لە تەنیایی سروشت، ئەو سروشتەی کە سوهراب ئەوەی بە بەرماڵی خۆی دادەنێت، عیرفانە، عەشقێکە کە لە ڕۆشناییەوە وەدیدێت و لە لاوازییەوە نیە و خەسڵەتی لە قەڵەموون بەدوورە.

نیگای کابرای موسافیر کەوتە سەر مێز:

**ئای لەم سێوانە چەند جوانن!**

**ژیان نەشئەی تەنیاییە**

**خانەخوێ پرسیی:**

**_ جوان یانی دەربڕینی عاشقانەی شێوەکان**

**عەشقیش ......بە تەنها عیشق**

**تۆ بە گەرمیی سێوێ ئاشنا ئەکا.**

**عیشقیش .....بەتەنها عیشق**

**منی گەیاندە دەڤەری بەرینی حوزنی ژیان**

**وای لێکردم بتوانم ببمە باڵندە.**[8]

لێرەدا سێو مانای ژیان لەخۆدەگرێت، چونکە لە شوێنێکدا کە عیشق پێکهێنەری ژیانە، ناکرێت بە بەشی جیاکەرەوەی نێوان ژیان و عیشق دابنرێت.

لێرەدا بەکارهێنانی دەستەواژەی عیشق و سێو بەشێوەیەکی جیاواز سەرنج بۆ چەمکی ژیان زیاتر چڕدەبێتەوە و توانای فڕین و باڵندە بوون لە ژیان لە پاڵ عیشقدا دەبینێت.

لە هەندێ لە شیعرەکانیدا لە دوای تێرامانێکی دوور و درێژی وشەکان لە ئایدیالیزم، شاعیر کتوپڕ دەگات بە ڕیالیزم و لەم ساتانەدا مەینەتی شاعیر لەچوارچێوەی هەندێك ناواخنی نوێدا، دەردەکەوێت. وەکو نمونە شاعیر هاوکات ئارەزوو دەکات ئای خۆزگە خەڵکی ڕاستگۆ بوونایە.

من هەناری ئەوەرێنم، لە دڵی خۆما ئەڵێم:

**چەند خۆش ئەبوو ئەم خەڵکە،**

**تۆوی دڵیان دیار بووایە.**

**بەڵام لە ناکاو پەی بە پوچبوونی ئەم ئەندێشەیە دەبات:**

**ئاوی هەنارەکە ئەپەڕێتەچاوم،**

**ئەشك لە چاوم دێ**
**دایکم پێئەکەنێ** [9]
سوهراب ئەم مانایەی بە دەستەواژەی سێو بەمجۆرە دەربڕیوە:
**لە چ سەرزەمینێکیش بوو**
**کە لە سەر هیچ دانیشتین و**
**لە گەرمی سێوێکدا ڕوخسارمان شت؟**[10]

لەم ناوەڕۆکەدا سوهراب شارەزایانە ئایدیال و ڕیال ی پێکەوە وێنا کێشاوە و لە کنەو پشکنینی ئایدیالەکان لەژیانی ڕاستەقینەدا دەوروبەری خۆی دەگەڕێت.

زەینی سوهراب لە ئایندەدا بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی ئێستا ڕوودەکاتە ئایدیالیزم. ئەگەرچی شیعری ئەو، وێڕای ئەم دوو چەمکە، ڕەنگێکی تۆخی لە ناتورالیزم هەیە، بەڵام سپهری ئایدیالیزم لەگەڵ ڕەوتی ڕەوانی زەینی خۆیدا ئاوێتە کردووەو یاسایەکی تازەی نوسیوە کە لەسەر پایەی عیشق، چەشن دۆستی و لە خۆبردوویی وەستاوە. ئەم یاسایە لە شیعری (پەیامێکیش بەڕێوە) بەشیکردنەوە دەربڕاوە.

**ڕۆژێك دێم و پەیامێك ئەهێنم**
**نوور ئەڕژێنمە ناو دەمارەکانەوە**
**هاوار ئەکەم: ئەی ئەوانەی زەمیلەکانتان پڕخەونە!**
**سێوم هێناوە، سێوە سوورەی خۆر.**[11]

لێرەدا سێو مزگێنی ژیانێکە لە ئایندەیەکی نزیك و لێوانلێو لە عیشق و ئازادی. سێوە سوورەی خۆر، بریتییە لە ئازادی و زەمیلە پڕ خەونەکان، مەبەستی لە زەبرو زەنگ و ستەم و زیاتر مانای بێ ئاگایی خەڵك لە سەردەمانی زەبر و زەنگدا دەگەیەنێت.

ئەوانەی کە وتویانە عیشق لە ژیانی سپهری دا ڕۆڵی نەبووە، وەکو بڵێی دەستەواژەی سێو یان لە دیوانەکەی ئەودا سڕیبێتەوە، گەرچی چاوی ڕاستبینانە بە چەندینجار لە دیوانی سپهری دا ڕووبەڕووی خودی دەستەواژەکە و مانای عیشقیش دەبێتەوە.

کاتێك سپهری سێو بە نیشانەی عیشق دەزانێت، کەواتە باوەڕی بەم خاڵە


سوهراب




هەیە کە عیشق و مەعشوق هیچ کامیان لەوی تریان لە پێشتر نین، بەڵکو هەریەکەیان نیوەیەکن لە سێو کە لە پاڵ یەکتردا ڕەوتی گۆڕانیان تەی دەکەن و هەریەك لەپاڵ یەکتریدا کۆمەڵەیەکی بێهاوتا دروستدەکەن کە مانا بە ژیانی گۆڕاو دەبەخشێت. سپهری چەندینجار قسە لەبارەی دەروونی تەنیا و لاوازی دەروونییەوە دەکات، ڕێك قسەکردنە لە هەمان ئەو نیوە ونبوەی کە ئەو بە دوایدا دەگەڕێت. بەڵام کاتێك تەنیایی دەروونی، تاکە هۆکاری نەدۆزینەوەی مەعشوق نییە. هەندێکجار مرۆڤ لە نێو هەزاران مرۆڤی دەوروبەریدا هەست بە تەنیایی دەکات و ئەمەش بەهۆی نەبوونی پێکەوە گونجانی تاك و کۆمەڵە، چونکە نۆرم و بەهاکانی تاك هەماهەنگییان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکاندا نییە و بەهاکانی بەشێوەی دژە بەها لە کۆمەڵدا گەشەی کردووە و دژە بەهاکانی هەموو بەها کۆمەڵایەتیەکان لە خۆدەگرێت. لێرەدایە کە شاعیر هەستی تەنیایی خۆی لە نێو مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆیدا دەردەبڕێت. لەدوای ئەمە شاعیر پەرە بەلایەنی هونەری خۆی دەدات و لە نێو هونەری خۆیدا بەدوای هێزی ئاهوراییدا دەگەڕێت تا بەوە قەفەسی تەنگی کۆمەڵگەکەی خۆی بڕازێنێتەوە و ئەویش عیشقە.

**دایکم ئەم بەیانییە ئەیوت: چ فەسڵێکی غەمگینە.**
**من پێم وت ژیان سێوێکە،**
**ئەبێ بە توێکڵەوە گازی لێ بگرین.**[12]

دەربڕینی عیشق و وێنای عاشق و مەعشوق لە ژیاندا، بەڵام دەستەواژەی توێکڵ لە مانای سێودا دەربڕی یەکڕەنگییە لە ڕەوتی ژیاندا.

ڕەوتی گۆڕانی عیرفان لە شیعری لەگوڵستانە دا دەبینین.

**ژیان خاڵی نییە:**
**میهرەبانی هەیە، سێو هەیە، ئیمان هەیە.**[13]

بەم شێوازە، سێ قۆناغ لە قۆناغەکانی بڕینی ڕێگەی عارف دەربڕاوە: داخوازی، عیشق، مەعریفە، داخوازی بە میهرەبانی لێکداوەتەوە، عیشقی بە سێو و ئیمانی بە مەعریفە گوزارشت کردووە.....

**پەراوێزەکان:**

1 - لە نوسراوە زۆر کۆنە دۆزراوەکاندا، لە تورفان، نوسراوی ئایینی، ئۆستا، مینوی خرد، بندهشن و زۆرێك لە کتێبە عەرەبییەکانی پەیوەست بە نیوەی دووەمی سەدەی کۆچی و نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچی. دیارە کە خەیاڵپەوەری و سودوەرگرتنی مەجازی لە سروشت زۆر باو بووە.

2 - فریشتەی ڕاسپێردراو لەسەر هەر ڕۆژێك خاوەنی هەندێك خەسڵەتی پیرۆز یان شومە، کە بۆتە هۆی بەختەوەری یان شووم بوونی ئەو ڕۆژە.

3 - ئاشکرایە کە بەهۆی درێژترین شەو کە تاریکی زیاتر لەزەوی دەتەنێتەوە کە دیمەنی ئەهریمەن، ئەم شەوە شوم و بێفەڕ لەقەڵەم دەدەن. تاریکی نوێنەری ئەهریمەن و لە بەرهەمەکانی بوونی ئەوە. هەر بەو هۆیەوە لە شەوانی یەلدا ئاگر دەکەنەوە تا تاریکی و بکەرانی ئەهریمەن و شەیتان لەناو بچن و هەڵبێن.

4 - لەزاراوەی زەردەشتیان بەم چەرەسە دەڵێن لۆرك (LORK).

5 - بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ژمارە (1)

6 - ئەم وتارە تەنیا لە دەنگی پێی ئاو، موسافیر، و قەوارەی سەوز، ئێمە هیچ، ئێمە نیگا، توێژینەوەی لەسەرکراوە.

7 - شیعری سادە ڕەنگ.

8 - شیعری موسافیر.

9 - شیعری سادە ڕەنگ.

10 - شیعری موسافیر.

11 - شیعری پەیامێکیش لەڕێوە.

12 - شیعری سادە ڕەنگ.

13 - شیعری لە گوڵستانەدا.

**تێبینی:** دەقی تەرجەمەکراوی شیعرەکان لە کتێبی (عاشق هەمیشە تەنیایە)ی ئازاد بەرزنجی یەوە وەرگیراوە.

# شێرکۆ بێکەس



